# لێکەوتە و مەترسییەکانی گوشار خستنە سەر یەکێتی (ی.ن.ک)

08-05-2023

### نووسەرەکان

د. زوبێر رەسوڵ

**کورتە :** هێزە هەرێمیەکان هەمیشە چاویان لەوەیە خاڵی لاوازی پارتە کوردییەکان بزانن و لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاریبێنن. هەڵبەتە مەبەست ئەوە نیە بڵێم تەنیا یەکێتی خاڵی لاوازی هەیە، هەموو لایەنەکان هەیانە، بەڵام کاتێك خاڵی لاوازی هێزێکی وەك یەکێتی یان پارتی دەکەوێتە دەست هێزێکی هەرێمی، ئەوا کاریگەریەکانیشی زۆر گەورەترو چارەنووسسازتر دەبن تا هێزیکی بچووك

## سەرەتا

یەکێتی نەك دوای کۆچی مام جەلال، بەڵکو لە دوای لاوازبوونی هەژموونی مام جەلال بەسەر ڕێکخستن و دواتریش سەرهەڵدانی کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی 2005، ئەویش کاتێك کە مام جەلال بەهۆی سەرقاڵبوونی بە سەرۆکایەتی کۆمار لە بەغدا نەیتوانی ئەو دەسەڵاتە یەکلاکەرەوەیەی جارانی هەبێت بەسەر پێکهاتەکانی نێو یەکێتی و لە نزیکەوە ئاگاداری گازندە و ناکۆکییەکانیان بێت. ئیتر لەو ڕۆژەوە تاوەکو دەگاتە ئێستاش، یەکێتی بەدەست ژمارەیەک گوشاری بەردەوامەوە دەناڵێنێت. هەڵبەتە ئەم دۆخە تایبەتییەی ناو یەکێتی نە لە بەرژەوەندی یەکێتییە و نە لەبەرژەوەندی کوردو هەرێمی کوردستانیشە. بەڵکو تەنیا لە بەرژەوەندی هەندێك لە هێزە هەرێمییەکانی ناوچەکەیە. هێزە هەرێمییەکان هەمیشە چاویان لەوەیە خاڵی لاوازی پارتە کوردییەکان بزانن و لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاریبێنن. هەڵبەتە مەبەست ئەوە نییە بڵێم تەنیا یەکێتی خاڵی لاوازی هەیە، هەموو لایەنەکان هەیانە، بەڵام کاتێك خاڵی لاوازی هێزێکی وەك یەکێتی یان پارتی دەکەوێتە دەست هێزێکی هەرێمی، ئەوا کاریگەرییەکانیشی زۆر گەورەتر و چارەنووسسازتر دەبن تاوەکو هێزیکی بچووك. بۆیە هەر گوشارێك بۆ سەر ئەم دوو هێزە کاریگەری زۆر گەورەی دەبێت نەك تەنیا بەسەر ئەو دوو لایەنەوە بەڵکو بەسەر تەواوی پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی لە عێراق دا.

لێرەدا، جگە لە خستنەڕووی گوشار و دەرئەنجامەکان لەسەر یەکێتی، چۆنیەتی مامەڵکردن لەگەڵ یەکێتی و پرسی دوو ئیدارەیی بەلای یەکێتی، جێگرەوەی یەکێتی، بژاردەکانی بەردەم پارتی و بنەماکانی ڕێککەوتنێکی نوێ دەخەینەڕوو.

## سێ گوشاری بەردەوام لەسەر یەکێتی و دەرئەنجامەکانی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە حوکمی مێژوو جوگرافیا و پێکهاتەی حیزبی، هەمیشە لە ژێر کاریگەری سێ گوشاردایە، کە هەندێک جار گوشاری پارتیشی دێتە سەر، بۆیە لە پەیوەندیکردن و سیاسەتکردن لەگەڵ یەکێتیدا گرنگە ڕەچاوی ئەم گوشارانە بکرێت.

**یەکەم**، گوشاری نێوخۆیی یەکێتی: کاریگەرترین گوشاری سەر یەکێتی بریتییە لەو گوشارەی کە یەکێتی لە ناوخۆوە لەسەریەتی، چ لەسەر ئاستی هەرەمی سەرکردایەتی و چ لەسەر ئاستی کادیرانی خوارەوەش. لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری ئەو گوشارانەی دیکە لە ناو هەناوی ئەو گوشارەدا لە دایك بوون. ئەم هۆکارە وای کردووە دروستبوونی بڕیار لە ناو یەکێتی پرۆسەیەکی فرە زەحمەت بێـت یان هەندێك جار هەر دروست نەبێت. بۆ نموونە لە کاتی بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی بینیمان ئەو پرۆسەیە چەند ئاڵۆز بوو و چەندیش خراپ بەسەر هەرێمی کوردستاندا شکایەوە. ئەم گوشارە دوای دەرکردنی لاهوور شێخ جەنگی زۆر کەمبووەتەوە. ئێستا یەکێتی زۆر یەک دەستتر و یەک بڕیارتر و پابەندترە لە یەکێتی پێش 8 تەمموزی 2021.

**گوشاری دووەمی** سەر یەکێتی کە هەندێك جار بە دەگمەن لەلایەن دەستەبژێری سیاسی دەبینرێت دەتونرایێت ناوی بنێین گوشاری جیۆگرافی (Geographical Pressure) یانیش گوشاری زۆنی سلێمانی. بەو واتایەی کە سلێمانی وەك مێژوو و جوگرافیا و سیاسەت لە پاڵ ناسنامە (کوردییە) سەرەکییەکەی خاوەنی ناسنامەیەکی لاوەکی (Sub-identity) تایبەت بە خۆیەتی. ئەم ناسنامەیە هەندێك جار بە ئەستەم سەرکردایەتی یان ڕوونتر بڵێین ناسنامە لاوەکی و جوگرافییەکانی دەرەوەی خۆی پەسند دەکات. ئەو ململانێ ئاسۆییە بە ئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە لەسەر سیاسەتکردن لە سنووری سلێمانی، نەك تەنیا لەسەر یەکێتی بەڵکو بەسەر پارتەکانی دیکەی وەك گۆڕان و ئیسلامییەکانیشەوە بە ئاشکرا دیارە، تاوەکو ئاستێك هەندێك جار ئەندامانی سەرکردایەتی یەك حیزب گوتاری سلێمانیان لە گوتاری هەولێرو بادینان جیاوازترە. بۆیە یەکێتی سەرەڕای کێشە هەناویەکانی، لە ژێر گوشارێکی دیکەی لۆکاڵیشدایە کە ناتوانێت سنوورەکانی ببەزێنیت، چونکە هێزی دیکەش هەن. بۆ نموونە بزووتنەوەی گۆڕان لە سەردەمی نەوشیروان مستەفادا خۆیان بەخاوەنداری باشتری ئەو ناسنامە لۆکاڵیەی سلێمانی دادەنا، بەجورێك ئەگەر هۆکاری وەك هێز و سامان نەبووایە لە سلێمانی، گۆڕان دەمێك بوو لە ژێر باری ئەم گوشارە جوگرافیەدا دەسەڵاتی لە یەکێتی وەرگرتبوو. بۆیە هەرکاتێک یەکێتی یان هەر هێزێکی سەرەکی کە نوێنەرایەتی سلێمانی دەکات هێزی زاڵ و باڵاتر نەبێت لەڕووی سیاسی و کۆلتووریشەوە دەکەوێتە بەر ڕەخنە و سەرکۆنەکردن. بەشێکی زۆری ئەو کێشەیەی کە یەکێتی ناتوانێت خۆی وەک هێزی دووەم یان هەولێر وەک ناوەندی سەرەکی سیاسەت و بڕیاردان قبوڵ بکات دەگەڕێتەوە بۆ ئەم گوشارە جیۆگرافییە.

**گوشاری سێیەمی** سەر یەکێتی کە لە ڕاستیدا کاریگەری زۆریشی هەیە بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش بریتییە لە گوشاری هەرێمی .(Regional pressure) دیارە لەڕووی تیۆر و شرۆڤەکاری سیاسیشەوە بەڵگە نەویستە کە هەر لایەنێك خاڵی لاوازی زۆربێت ئەوا گوشاری زۆریشی لەسەر دەبێت و زیاتریش پێویستی بە هاوکاری دەرەکییە. یەکێتیش هێزێکە کە حوکمڕانی نیوەی جوگرافیای هەرێمی کوردستان دەکات و، هێزە هەرێمییەکان ئەو خاڵە لاوازەی ئەویان قۆستووەتەوە و

لەکاتی هەستیاردا بەکاری دێنن. نموونەی ئەم گوشارە زیاتر لەکاتی پێکهێنانی حکومەتی عێراق و کێشە هەرێمییە چارەنووسسازەکاندا دەردەکەوێت، ئەم گوشارە لەکاتی گشتپرسیدا گەیشتە لووتکە.

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێت بەشێکی زۆری سیاسەتی یەکێتی و پەیوەندییە نێوخۆیی و هەرێمییەکانیشی ڕەنگدانەوەی ئەو سێ گوشارەن کە ئاماژەیان پێدرا. هەڵبەتە ئەمە بەو واتایە نایێت کە یەکێتی وەك ڕێکخراوێکی سیاسی خۆی ئەم دۆخەی بە ئەنقەست دروستکردووە، نەخێر ئەمە دۆخێکی ناهەمواره زیاتر بەرۆکی ئەو جۆرە ڕێکخراو و پارتە سیاسیانە دەگرێت کە خاوەن تاقە سەرکردەیەکی کاریزماتیکن، یان دیسپلینی حیزبیان لاوازەو لەڕووی دامەزراوەییشەوە خاوەن بنەمایێکی بەهێز نین. یاخود هەر ڕێکخراوێکی سیاسی کە سەردەمانێك هێزێکی گەورەو کاریگەر بوویێت، بەڵام گوتار و قەبارەو کاریگەری ئێستای گوزارشت نەکات لە سەروەرییە مێژووییەکەی. یانیش لایەنگرەکانی چاوەڕێی بەرپرسیارێتی زۆری لێدەکەن، بەڵام دوای نەمانی سەرکردە یان دیسپلینی ڕێکخراوەیی، ئیتر لایەنگرەکانی تووشی جۆرێك لە بێ ئومێدی دەبن. ئەم دۆخە دەکرێت وەسفێکی گونجاو بێت بۆ ئەو قۆناخەی کە لە دوای 2005 یەکێتی پێیدا گوزەر دەکات.

**دەرەنجامی یەکەمی** ئەو سێ گوشارانەی باسمان کرد لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە چەندین شێوە دووبارە بوونەتەوەو لێکەوتەی زۆر کاریگەریشیان هەبووە بەسەر پرۆسەی سیاسی، نەك لە هەرێمی کوردستان دا بەڵکو لە تەواوی عێراق و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. بۆنموونە لە کاتی گەنگەشەکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە سەرەنجام داخستنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە، یەکێتی هیچ هەوڵێکی ئەوتۆی نەدا کە ئەم دۆخە ڕوونەدات یان گوشار بخاتە سەر لایەنێك بۆ ئەوەی ئاراستەی ململانێ سیاسییەکان بەو دۆخە ناهەموارەدا ڕەت نەبێت کە ڕوویدا.

**دەرەنجامی دووەمی** ئەو لێکەوتەیە بریتی بوو لە لەبارچوونی پرۆسەی گشتپرسی. یەکێتی لەبەر ئەو سێ گوشارەی ئاماژەمان پێدا نەیتوانی لەگەڵ گشتپرسی بێت و نەیتوانی ڕێگریشی لێ بکات، ئەو دەرەنجامەی کە لە 16 ئۆکتۆبەریش لێیکەوتەوە هەر پەیوەندی بە هۆکاری سێ گوشارەکەوە هەبوو بە تایبەت هۆکاری هەرێمی.

**دەرەنجامی سێیەمیش** بۆ ئەو کێشانەی کە یەکێتی بە دەستییەوە دەناڵێنێت لە لاوازبوونی پێگەی کورد لە بەغدا ڕەنگیداوەتەوە، گوشارەکانی ناوخۆی یەکێتی و گوشاری جوگرافیای سلێمانی و گوشاری هەرێمیش هەرسێکیان بەیەکەوە یەکێتیان بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەشکردووە، ئەم دۆخە لە ڕاستیدا یەکێکبووە لەو هۆکارانەی کە کاریگەری هەبووە بەسەر لاوازبوونی پێگەی کورد لە بەغدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا.

**دەرەنجامی چوارەمی** ئەو کێشانەی بەرۆکی یەکێتی گرتووە لە ڕاستیدا بووەتە هۆی زیادبوونی هەژموونی ئێران بەسەر هەرێمی کوردستاندا. ڕاستە هێزە هەرێمییەکان بە تایبەتیش تورکیا و ئێران و ئەمریکا هەمیشە کاریگەریان هەبووە بەسەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان لە کوردستاندا و عیراقیشدا، بەڵام بەڵگە نەویستە کە هێزێك لاواز دەبێت، زۆرتر پشت بەهیزەکانی دیکە دەبەستێت بە تایبەتیش هێزە هەرێمییەکان، چونکە پارتە لاوازەکان (fragile parties) هەمیشە بەدوای پاڵپشتێکدا دەگەڕێن کە لە فۆبیای لاوازبوون یان نەمان بیانپارێزێت. ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەو ڕۆڵەی بۆ یەکێتی گێڕاوە. لەوانەیە هێزی دیکەش لە داهاتوودا بۆ لایەنی دیکە ئەو ڕۆڵە ببینن، بەڵام ئەو بابەتەی من زیاتر فۆکەسی لەسەر یەکێتییە وەك هێزێکی کاریگەر و هاوبەش (شەریک) لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستاندا.

## چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکێتی و چەند سەرنجێک

یەکەم/ ئەو گرژییەی کە ئێستا لەنێوان یەکێتی و پارتیدا هەیە مەترسییەکی پڕ لە هەڕەشەیە بۆ سەر پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی لە تەواوی هەرێمی کوردستاندا. کەوتن و لاوازبوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان واتە دروستبوونی بۆشاییەکی ئەمنی و سیاسی لە هەرێمی کوردستان. بە تایبەت ئێستا کە هیچ هێزێکی سیاسی دیکە نییە جێگرەوەی سیاسی و سەربازی و ئەمنی یەکێتی بێت، بەتایبەت کە ئێستا بزووتنەوەی گۆڕانیش زۆر لاواز بووە، نەوەی نوێ و ئیسلامییەکانیش هەرگیز نابنە جێگرەوەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان. یەکێتی نزیکەی 30 ساڵە حوکمی دەڤەری سلێمانی دەکات، ڕەنگدانەوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیشی بەسەر جوگرافیای سلێمانی-هەڵەبجە-گەرمیان و دەڤەری ڕاپەڕین دا هەیە. ئەمە جگە لە بەرژەوەندییە هەرێمییەکان، بەتایبەتیش ئێران کە بە ئاسانی ڕێگە نادات جێگرەوەیەکی سیاسی کە دیار نییە چ ڕوانگەیەکی هەیە جێگەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بگرێتەوە.

دووەم/ مانەوەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و سەقامگیری سلێمانی تاوەکو بڵێی گرنگە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، بە تایبەت دەبێت پارتی حیسابی ئەوە بکات ئەگەر یەکێتی بەشداری حکومەتی داهاتووی کوردستان نەکات چی دەبێت؟ بێگومان تەواوی پرۆسەی

سیاسی، واتە نیوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکار دەکەوێت. لەلایەکی دیکە یەکێتی پێویستی بە پڕکردنەوەی بۆشایی گوتاری لاهوور جەنگی هەیە. بۆیە پارتی دەبێت چاوەڕێی ئەوە لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بکات کە دوای قۆناخی لاهوور جەنگیش گوتارێکی دژە پارتی هەر هەبێت، چونکە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ژێر گوشاری سەرکردایەتی و جەماوەر و جوگرافیای سلێمانی دایە. لەلایەکی دیکە ئەگەرێکی زۆر هەیە کە کۆمەڵێک دەنگی ناڕازی لە یەکێتی و گۆڕان و نەوەی نوێ و هێزی دیکەش لیستێکی نوێ پێکبێنن لە سلێمانی، واتە لە پاڵ یەکێتی بەرەیەکی دیکەی ناڕازییشت لە خەڵک و رۆشنبیر و حیزبەکان هەیە کە کار لەسەر ئەو بۆشاییە جەماورییە دەکات کە لە سلێمانی هەیە.

سێیەم/ ئەو گرژییەی ئێستا هەیە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا، زەرەرمەندی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ئینجا پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتریش یەکێتی. چونکە زۆربەی زیانی ئەم بارگرژییە بەر حکومەت کەوتووە و دەکەوێت، حکومەتیش زیاتر واتە پارتی، چونکە لە ناوخۆ و دەرەوەشدا دۆست و نەیارانی هەرێمیش پارتی زیاتر بە خاوەنی حکومەت و پرۆسەی سیاسی دەبینن نەک یەکێتی. چونکە بەشێکی زۆری پۆستە باڵاکان و جومگە سەرەکییەکانی حوکمڕانی لە دەست پارتیدان. کەواتە لەم گرژییەدا پارتی زیاتر زیان دەکات نەک یەکێتی، ئەگەر زۆر هەڵپەرستانە بیربکەمەوە دەتوانم بڵێم کە لە بنەڕەتدا یەکێتی پێویستی بە گرژییە لەگەڵ پارتی هەیە، چونکە بە حوکمی جوگرافیا، جەماوەری یەکێتی زیاتر ئەوەیان لە یەکیتی دەوێت کە لە بەرەی نەیاری پارتی بێت نەک دۆست. ئەوکاتەی قوباد تاڵەبانی لە کابینەی هەشت تەبا بوو لەگەڵ پارتی زۆربەی یەکێتی دژایەتییان دەکرد، نەک هەر ئەوە بەڵکو هەڵکشانی پێگەی جەماوەری و حیزبی لاهوور جەنگی لەسەر دژایەتی پاڵپشتی قوباد تاڵەبانی لە حکومەت و دژایەتی پارتیدا دروستبوو.

چوارەم/ لە پێش راپەرین و دوای راپەڕینیشەوە تاوەکو دەگاتە ئێستا، هەمیشە یەک رێسا هەبووە بۆ پێوانەکردنی ململانێیەکانی یەکێتی و پارتی، ئەویش ئەوەیە کە دەرەنجامی ململانێیەکانی ئەو دوو هێزە هەرگیز یارییەکی سفری نەبووە (Zero-sum game) کە بە دۆڕانی لایەنێک و بردنەوەی لایەنەکەی دیکە کۆتایی هاتبێت، بەڵکو دەرەنجامەکەی هەمیشە دۆڕانی هەردوولا بووە lose-lose) ) . هەردوو هێزەکە هەمیشە لەو خاڵەوە دەستیان پێ کردووەتەوە کە خاڵی سەرەتایی ململانێیەکە بووە. واتە هەردوولا بە دەستبەتاڵی هاتوونەتە دەر بەبێ ئەوەی هیچیان دەستکەوێت. بۆیە ئەنجامی ململانێی ئەوجارەش بە دڵنیاییەوە دەچێتە ژێر باری هەمان رێسا ، دیارە ئەگەر بە دەرەنجامی خراپتریش کۆتایی نەیێت!

## جێگرەوەی یەکێتی و پرسی دوو ئیدارەیی بە لای یەکێتییەوە

هەڵبەتە چەند میکانیزمێک هەن کە دەکرێت گوشار دروست بکەن لەسەر یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بۆ نموونە پشتگیریکردنی نەیارەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، وەک جوڵانەوەی نەوەی نوێ، بزووتنەوەی گۆڕان، یان هەستاندنەوەی لاهوور جەنگی، بەڵام لە راستیدا ئەم میکانیزمانە هیچیان جێگەی متمانە و پشتبەستن نین، بەڵکو لەوانەیە لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان زۆر خراپتریش بن بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان. چونکە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و هەرێمایەتی و وابەستەبوونی نەتەوەییشی هەیە، بۆیە بەڕای ئێمە تەنیا یەک میکانزم هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یەکێتی، ئەویش ئەنجامدانی رێککەوتنێکی گشتگیرە هاوتای رێککەوتنی ستراتیجی کە کاتی خۆی لە گەڵ یەکێتی (مام جەلال)کرا، کە توانی سەقامگیری و دەسکەوتی زۆر بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکات، بەڵام رێککەوتنی ئەم جارە دەبێت چەند جیاوازی و تایبەتمەندییەکی نوێ لەخۆ بگرێت.

واباشە پارتی ئەوە بزانێت کە یەکێتی ئەگەر لە حکومەتیش بکشێتەوە ئەوە تەنیا لە حکومەت و هەولێر دەکشێتەوە نەک لە حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، چونکە یەکێتی مەحاڵە دەستبەرداری حوکمڕانی بێت لە دەڤەری سلێمانی، نەک هەر ئەوە بەڵکو بەربەست بۆ حکومەت و هەر لایەنێکیش دروست دەکەن کە بیەوێت ببێتە جێگرەوەی یەکێتی لە حوکمڕانی دەڤەری سلێمانیدا. بۆیە هەڕەشەکانی یەکێتی لەوانەیە جدی بن بە کشانەوە لە حکومەت، واتە تەنیا لە هەولێر، ئەمەش واتە لەتکردن و بردنەوەی بەشەکەی دیکەی حکومەت بۆ سلێمانی. سەرۆکی تازەی یەکێتی دەیەوێت کەسایەتییەکی هێرشبەرانە بۆ یەکێتی دروست بکات کە بتوانێت جێگەی ئەو گوتار و کەلێنەی لاهوور شێخ جەنگی بگرێتەوە لە ناو یەکێتی. لە ساڵی 2020 پارێزگای سلێمانی پرۆژەیەکی بۆ ئیدارەی سەربەخۆی سلێمانی پێشکێشکرد، ئەوەش بەهۆی ئەو کێشانەی پارتی و یەکێتی هەیانبوو لەسەر دابەشکردنی داهاتی سنوورەکانیان. ئەوکات پرۆژەکە وا ئامادەکرابوو، یەکێتی پارەی داهاتی سنوورەکانی نەگەڕێنێتەوەو لەو رێگەیەشەوە خۆی پرۆژەکانی سنوورەکەی جێبەجێ بکات. ئەوکات ئەو پرۆژەیە رێککەوتنێکی پارتی و یەکێتی لە حکومەت لێکەوتەوە، کە نێوەڕۆکەی ئەوەبوو، هەردوولا لەڕووی ئیداریو داراییەوە ئیدارەی سنوورەکانی خۆیان بکەن و لە پارەی داهاتی نەوتیش مووچەی فەرمانبەرانی سنوورەکەیان دەدەن. ئەم پرۆژەیە چەند مانگێکی خایاند و بەهۆی ئەوەی پارەی داهاتی سلێمانی وەك پێویست نەبوو، بووە هۆی دروستبوونی کورتهێنانێکی زۆر لە داهاتی  سلێمانی و راگرتنی بەشێکی زۆری پرۆژەکان.

لەوانەیە ئێستا یەکێتی بیر لە پرۆژەیەك بۆ گەڕانەوە بۆ دوو ئیدارەیی بکاتەوەو دواتریش لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی حیزبەکە بڕیاری

لەسەر بدەن، بەڵام تاوەکو هیوایەکی بچووکیش مابێت لەگەڵ پارتی، پێناچێت دوو ئیدارەیی بژاردەی ئێستای یەکێتی بێت. هاوکات لە چەند کۆبوونەوەیەکی ناوخۆیی حیزبەکەش، بافڵ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی چەند جارێك جەختیکردووەتەوە، کە لە بابەتی داهاتەکانی سلێمانی بە هەڵە براوەو ئەو چاوەڕوانییەی ئەوان هەیانبووە بۆ داهاتەکە وا دەرنەچووە. کەواتە پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، بۆچی یەکێتی ئێستا دەستی بۆ کارتی گەڕانەوە بۆ دوو ئیدارەیی بردووە؟ لەکاتێکدا دەزانێت لەڕووی دارایی و ئیدارییەوە کێشەی بۆ دروست دەبێت، ئەمە جگە لە کێشە سیاسییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە. یەکێتی لە راستیدا ئەگەر جدییش بێت، بەڵام ئەستەمە ئەم هەنگاوە بهاوێژێت، بەڵام وەک دیارە یەکێتی بەتایبەتیش قوباد تاڵەبانی و دواتریش بافڵی برای هەست دەکەن کە ناتوانن بەو دۆخەی ئێستا بەشداربن لە حوکمڕانی لەگەڵ پارتیدا، کە بەقسەی قوباد تاڵەبانی "زۆر رەق و وشکە"، بەڵام لەگەڵ ئەوەش من هەڕەشەکانی یەکێتی بە میکانزمێک دەزانم بۆ گەیشتنە ئامانج یان داواکارییەک بۆ رێککەوتن لەسەر چەند پرسێکی جەوهەری (حوکمڕانی، داهات، ئاسایش) لەگەڵ پارتیدا.

## ئایا یەکێتی بەرەو دوو ئیدارەیی هەنگاو دەنێت؟

یەکێتی، ئێستا لە ژێر گوشارێکی زۆری ناوخۆیی و هەرێمیی و تەنانەت سەرکردایەتی خۆیشی دایە، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ئێستا لە قۆناخی کۆکردنەوە و چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان دایە بۆ ژێر دەستی ماڵی مام جەلال (بافڵ تاڵەبانی)؛ بۆیە واباشترە پارتی ئاگاداری ئەو قۆناخە راگوزەرەی ناو یەکێتی بێت. یەکێتی ئێستا لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە دەسکەوت و پۆست و سەنگی سیاسییە، ئەگەر پۆستێکی سیمبووڵیش بێت، بەڵام بۆ یەکێتی گرنگە کە بە یار و نەیارەکانی بڵێت کە دوای ئەو هەموو کێشانەی کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان رووبەڕووی بووەتەوە، یەکێتی هەر وەک خۆیەتی و سەنگی لە هەرێمی کوردستان و بەغدا و ناوچەکەشدا وەک خۆی ماوەتەوە. یەکێتی پێناچێت جیدیی بێت لە جیاکردنەوەی سلێمانی وەک ئیدارەیەکی سەربەخۆ، چونکە ئەوکات سلێمانی لە نێوان گوشاری بەغدا و ئێراندا ئەوەندەی دیکە لاواز دەبێت، ئەمە جگە لەوەی جیاکردنەوەی سلێمانی واتا دابڕاندنی سلێمانی لە هەرێمی کوردستان و لکاندنەوەی بە بەغدا، کە ئەمە بەرپرسیارێتیێکی مێژوویی گەورەیە، ئەستە یەکێتی ئەو هەنگاوە بنێت.

لەلایەکی دیکە ئێستا دۆخی نێودەوڵەتیش (ئەمریکی و بەریتانییەکان) لەگەڵ دوو ئیدارەیی نین، دوو ئیدارەیی لە راستیدا واتا پەراوێزبوونی سلێمانی، نەک بووژانەوەی سلێمانی، بەڵام ئایا سەرکردەکانی یەکێتی کۆکن لەسەر ئەم راستییە؟ خۆ 16ی ئۆکتۆبەریش هیچ لە بەرژەوەندی یەکێتی نەبوو! واتە ئێمە نابێت هەنگاوێکی هەڵە کە سوودی سیاسی نییە (بژاردەی عەقڵانی) بۆ یەکێتی بکەینە پێوەر کە ئیتر یەکێتی ئەنجامی نادات! لە قۆناخی سەرۆکایەتی بافڵ تاڵەبانیدا دۆخەکە بە جۆرێکی دیکەیە، هاوسەنگی ناوخۆی پارتە سیاسییەکانیش بە جۆرێکی دیکەیە، پەیوەندییەکانی بەغدا و هەرێمی کوردستانیش بە جۆرێکی دیکەن. بۆیە لە بوونی ئەم هاوکێشانەدا ئاساییە کە چاوەڕێی ئەنجامی چاوەڕواننەکراو بین.

یەکێتی دەمێکە هەوڵدەدات ئەم بەرەیە پێکبهێنێت، کاتی خۆی لە سەردەمی مام جەلالیش ئەو هەوڵە هەبوو لەگەڵ گۆڕان، بەڵام سەری نەگرت، ئێستاشی لەگەڵ بێت رێککەوتنی دەباشان هەر وەک مەرەکەبی سەر کاخەز مایەوە لە نێوان یەکێتی و گۆڕان دا. بۆیە پێناچێت یەکێتی سەرکەوتووبێت لە دروستکردنی ئەو بەرەیەدا، ئەم میکانزمە تەنیا وەک تاکتیکێک دەبێ لای یەکێتی جار جارە پەنای بۆ دەبات. ئەمە جگە لەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش ناچنە پاڵ یەکێتی لە بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆندا، چونکە یەکێتی حیزبی دەسەڵاتە و ناتوانێت ببێتە ئۆپۆزیسیۆن، مەگەر واز لە حوکمکردنی ئیدارەی سلێمانی بێنێت، کە ئەوەش جۆرێکە لە مەحاڵ! دواتر لایەنەکانی دیکە ئامادە نین بچنە پاڵ بەرەی یەکێتی لە دژی پارتی، چونکە دەبنە بەشێک لە ناکۆکییەکانی ناو ئەو دوو لایەنە. بە کورتی توانای یەکێتی و دۆخی لایەنەکانی دیکە کە زۆر لە ژێر کاریگەری شەقام دان رێگە نادات ئەو بەرەیە بە سەرکردایەتی یەکێتی دروست بێت.

## بژاردەکانی پارتی و بنەماکانی رێککەوتنێکی هاوپەیمانی یان ستراتیژی نوێ

لە راستیدا باشترین میکانیزم رێککەوتنێکی دیکەی هاوشێوەی رێککەوتنی ستراتیجییە لەگەڵ ماڵی مام جەلال، پێویستە رێککەوتن لەسەر بەشداریکردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان (بەلای کەمی بۆ دوو خولی دیکە- ٨ساڵ) هاوشانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکرێت و کۆتایی بە بانگەشەی کشانەوە لە حکومەت لەلایەن بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بهێنێت. واباشە دۆسیەی پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ یەکێتی لەلایەن کاک نێچیرڤانەوە سەرپەرشتی بکرێت، چونکە ئەزموونێکی باشی هەیە لە حوکمڕانی هاوبەش لەگەڵ یەکێتی و قوباد تاڵەبانی. پارتی هەڵە دەکات ئەگەر لەسەر کەیسێکی وەک کەیسی فڵان پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ماڵی مام جەلال بگەیێنێتە بنبەست. بۆیە بژاردەی رێککەوتنێکی دیکەی ستراتیجی لەگەڵ ماڵی مام جەلال باشترین بژاردەیە بۆ سەقامگیری پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی و هەروەها بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانیش، باشتر وایە رێککەوتنەکە ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدا جێگیر بکرێت:

1. ڕێککەوتن لەسەر کۆتاییهێنان بە پرسی ڕاگەیاندنی دوو هەرێمی یان لامەکەزی بەوشێوەیەی کە پێشووتر لاهوور شێخ جەنگی بانگەشەی بۆ دەکرد.
2. ڕێککەوتن بکرێت لەسەر ڕێژەیەکی هاوسەنگ لە گەڕاندنەوەی داهاتی ناوچەکانی هەردوو دەڤەر بۆ خەزێنەی حکومەت.
3. ڕێککەوتنەکە ئەوەی تێدابێت کە هاوهەڵوێستبوون و پشتگیریکردن لەیەکتری و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا کاری لەپێشینەی هەردوو لایەن بێت، بە تایبەت لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار لە ئایندەدا.
4. ڕێککەوتن بکرێت لەسەر ئەو خاڵە کە خۆ دوورنەگرتن لە بەرپرسیارێتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ( بۆ نموونە لە چەند ساڵی ڕابردوودا سیاسەتێک هەبوو کە هەندێک لایەن و تەنانەت یەکێتیش هەرچەندە بەشدار بوون لە حکومەت، بەڵام وەک ئۆپۆزیسیۆن ڕەفتاریان دەکرد).
5. هاوکاریکردنی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت (پاش ئەوەی کە لەسەر پرەنسیپە سەرەکییەکان لەنێوان یەکێتی و پارتی ڕێککەوتن دەکرێت)، بە تایبەت لەو ناوچانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تێدا باڵادەستە. چونکە حکومەتەکە حکومەتی هەردوو لایەنە و بڕیارەکانیشی بڕیاری هەردوو حیزبە، بەڵام واباشترە سەبارەت بە یاسا و بڕیارە هەستیار و چارەنووسسازەکاندا کە لەلایەن حکومەتەوە دەدرێت یان لە پەرلەمان دەردەچێت، سەرەتا لەلایەن هەردوو سەرۆک حیزبەوە ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت و پاشان وەک یاسا یان بڕیاری حکومەت دەربچێت. بەپێچەوانەوە ئێمە ڕووبەڕووی قەیران و ئاستەنگی زۆر دەبینەوە لە ئیدارەدانی حکومەت و پلانەکانی چاکسازی و پاڵپشتی نێودەوڵەتی هاوپەیمانان.

## کۆتایی

ڕەگی ململانێیەکانی پارتی و یەکێتی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری حوکمڕانی نیوە بە نیوەی(50 بە 50) لە نێوان یەکێتی و پارتی کە تائێستاش باڵی بەسەر حکومەت و پەیوەندی حیزبی هەردوولادا کێشاوە، کە بریتییە لە پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای واقیعی هێز و جوگرافیا، یاخود ڤیتۆی دوو حیزبی (دوو لایەنە)؛ واتا بوونی فۆڕمێکی تایبەت لە حوکمڕانی کە پشت نابەستێت بە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان و گۆڕانکاری لە باڵانسی هێز و ئیرادەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان و دەرکەوتنی هێزی دیکە. لەو فۆڕمەدا بێجگە لە دوو پارتی باڵادەست هیچ لایەنێکی دیکە ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت. نەك هەر ئەوە بەڵکو ئەگەر یەکێك لەو دوو حیزبە ڕەزامەند نەبێت ئەوا پێکهێنانی حکومەت دەکەوێتە قەیرانێکی گەورەو لەوانەیە هەر پێکنەهێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جورێکە لە ڤیتۆی ڕانەگەیێندراو . لەم دۆخەدا هێز لەجیاتی ئەوەی لە ناو داوودەزگا حکومی و بیرۆکراسییەکان کۆببێتەوە، هێز دابەش دەبێت بەسەر دوو جوگرافیای جیاواز و کارگێڕی سیاسی و تەنانەت ئابووری جیاواز. واتە یەکێتی دەتوانێت پرۆسەی سیاسی و ئابووریش(لە ڕێگەی کۆنترڵی بەشێکی لە سەرچاوەکان داهات) پەکبخات، چونکە دامەزراوە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان لە ژێر کاریگەری پێگەی هێزی سیاسی و سەربازی پارتی و یەکێتیدان نەک حکومەت.

لە کۆتاییدا زۆر پێویستە هێزە کوردییەکان بە تایبەتیش پارتی ئاگادارین لە ئەندازەی ئەو گوشارەی کە دەیخەنە سەر یەکێتی، بە تایبەت لە سەروبەندی ئەو کێشەیەی ئێستا هەیە لەنێوان یەکێتی و پارتیدا کە یەکێتی سەرقاڵی دۆزینەوەی میکانیزمێکی دیکەیە بۆ ئیدارە و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو گوشارانەی کە لەسەر یەکێتین و لە ڕابردووشدا لێکەوتەی سیاسی خراپیان هەبووە بەسەر پێگەی هەرێمی کوردستانەوە، دوور نییە ئەو گوشار و گرژیانەی ئەمجارەش لێکەوتەیەکی خراپی هاوشێوەی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ی لێبکەوێتەوە کە تائێستاش هەرێمی کوردستان بەدەست کاریگەرییەکانییەوە دەناڵێنێت. ئەم میکانیزمانە لەوانەیە زۆر دیموکراسی و یاسایی نەبن، بەڵام لەم قۆناخەدا زۆر گرنگن بۆ دەرچوون لەو قەیرانە سیاسییەی کە هەیە، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی باڵای مانەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان.